# شێخ حوسێن بەرزنجی

## چراوازی نەتەوە



ئامادەکردنی: دەزگای کەلتووریی یاد

شێخ حوسێن بەرزنجی چراوازی نەتەوە

2025





لە بڵاوکراوەکانی دەزگای کەلتووریی یاد

ژمارە (٦)

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | یەکەم چالاکی، یەکەم وەفا. |
| ٧ | وتەی دەستپێکی ڕێوڕەسم (ڕێدار سابیر). |
| ٨ | وتاری دەزگای کەلتووریی یاد (عەقیلە رواندزی). |
| ١٠ | وتاری پارێزگاری هەولێر (ئومێد خۆشناو). |
| ١٣ | وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان لەلایەن (ئاریان سەڵاحەددین) بریکاری وەزارەت. |
| ١٧ | ژیاننامەی شەهید (شێخ حوسێن بەرزنجی). |
| ٢٣ | وتەی بەڕێوەبەری پانێڵ، (د. هەنگاو ئەنوەر شێخانی). |
| ٢٧ | باسی یەکەم: ژیان و ڕووداوە گرنگەکانی ژیانی شەهید. (شێخ یەحیا بەرزنجی). |
| ٦١ | باسی دووەم: خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ سروودی ئەی ڕەقیب. (توانا حەمە). |
| ٨٣ | باسی سێیەم: شیکردنەوەی پێکهاتەی دابەشکردنی هارمۆنیی سروودی ئەی ڕەقیب. د. هیوا تەڵعەت عارف. |
| ١٠١ | نۆتەی سروودی ئەی ڕەقیب بۆ ئۆرکێسترا. |
| ١٠٧ | وێنە و دۆکیۆمێنتی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ئاوازدانەری سروودی ئەی ڕەقیب. |

## باسی دووەم: لەلایەن بەڕێز توانا حەمە*

# خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ سروودی ئەی ڕەقیب



ڕاگوزەرێکی مێژوویی:

گەرچی سروودی نیشتمانیی (ئەی ڕەقیب)، مێژووییەکی دێرینی نییە، بەڵام لە هەناویدا هەڵقوڵاوی مێژوویەکی سەدان ساڵەی پڕ ستەم و زۆردارییە، کە بەرامبەر خاک و نەتەوەی کورد کراوە، هەر بۆیە وەک دیارترین سروودی نەتەوەیی لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا ناسراوە، تا ڕادەیەکی زۆر تاکە سرووده کۆدەنگییەکی نەتەوەیی لەسەرە و بە جۆرێک لە سیمبولی نەتەوەیی دەزانرێت.

بۆ خوێندنەوەی بابەتیانە و شیکاریانە، پێویستە ڕاگوزەرێکی خێرا بە دەورانی مێژوویی دروستبوونی چەمکی نەتەوایەتی، هەستی

* توانا حەمەعەلی ڕەشید، ناسراو بە توانا حەمە، ساڵی ١٩٨٤ لە سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ بەکالۆریۆسی لە ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیدا لە بەشی میوزیکی کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە. ژەنیاری ئامێری ڤایۆلین و ڤیۆلایە. مامۆستای میوزیکە لە کۆلێژی ئەزمەڕ بۆ بەهرەداران. تا ئێستا لە دەیان چالاکی میوزیکیدا وەك: دەنگ، ژەنیار. دەیان وتاری لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی باشووری کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە. تا ئێستا دوو کتێبی چاپکردووە.

ناسیۆنالستی و دەوڵەتی نەتەوەییدا بکەین، کە ئەوەش بە هەمان شێوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب مێژوویەکی زۆر دێرینی نییە، بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتیی بۆ سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی سالانی ١٧٩٨ دەگەڕێتەوە. هاوکات مێژوونووسان دەرکەوتنی یەکەمین سروودیش بەم قۆناغە مێژووییە دەبەستنەوە، بەتایبەت سروودی (لا مارسیلایز)، وەک یەکەمین سروود و گوزراشتی هەستی نەتەوەیی لە دەورانی شۆڕشی فەرەنسیدا دا دەناسێنن، کە لە دانراوی هونەرمەندی فەرەنسی (کلود ژوزف روژە دو لیلە)، بۆ یەکەمجار لە ماڵی (دیتریچ، سەرۆکی شارەوانیی ستراسبۆرگ) گۆرانییەکە گوتراوە. بە نزیکەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب ١٥٠ ساڵ لە دوای ئەو شۆڕشە لە گۆڕەپانێکدا و لەژێر ئالای کۆماری کوردستاندا خوێندراوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: چۆن سروودێک کە تەمەنی تەنیا ٧٦ ساڵە، هەڵقولاوی مێژوویەکی سەدان ساڵەی میللەتێکە؟ وەڵام بۆ ئەمە، ئەگەر بە وردی بە نێو دیرۆکی زارەکی و ئەدەبیاتی کوردیدا گوزەر بکەین، مێژوویەکی ون لەناو هۆنراوەی گۆرانی، بەیت، لاوک، لاوانەوە، حەیران و حەیرانۆکی میللەتی کورددا دەدۆزینەوە.

بۆ نموونە: ئەگەر بۆ سەردەمی خانی بگەڕێینەوە، دەبینین خانی، کە لەنێوان ١٦٥١-١٧٠٧ دا ژیاوە، بەشێک لەو هەستە نەتەوایەتییەی کە زادەی ئەو سەردەمەی میللەتی کوردە، لەنێو دێڕەکانی مەم و زیندا بەیانکردووە. بە تایبەت لە دوو بەشی مەم و زیندا دەگەینە ترۆپکی هەستی نەتەوایەتی و لە هەمانکاتدا ئێمەش دەگەینە ترۆپکی ڕاستیی دەردە مێژوویی و هەمیشەییەکانی گەلی کورد.



بۆ نموونە: خانی لە بەیتێکدا دەنوسێت:

شـەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە

زیـن و مـەمێ بکەم بـەهانـە.

لێرەدا خانی مەبەستی سەرەکی لە نووسینی مەم و زین ڕوونی دەکاتەوە، بە ئاشکرا  دەڵێت بەهانەی هەیە بۆ نووسینی مەم و زین. لە بەشێکی دیکەدا لە پاڵ مەم و زیندا بە ڕوونی و ئاشکرا باسی لە بەهانەکە دەکات و دەنووسێت:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک

ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک

روم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیا ژ مە را دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت

تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت

بە کورتی: نەبوونی یەکگرتوویی، سەرکردە، هۆکارێکە کە کورد ژێردەستەی ئەو نەتەوانەیە کە خانی ئاماژەی پێ کردوون. لێرەوە بە تەواوەتی دەگەینە ئەو بڕوایەی هەستی نەتەوایەتیی گەلی کورد پێش شۆڕشی فەرەنسی دەرکەوتووە. دواجار ئەم کۆژانە بە درێژایی مێژوو لەنێو هۆنراوەی شاعیرانی دوای خانی وەک: (نالی، کوردی، سالم، حاجی قادر) ئامادەییان هەیە. هەمان گرفت و هەستی قووڵی نەتەوایەتی بۆ شاعیرانی مێژوویی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی درێژدەبێتەوە، کە دواجار لەنێو ئەندێشەی (دڵدار)دا لە سروودی ئەی ڕەقیبدا بە زمانێکی کوردیی ڕەوان و توندتر و لە فۆڕمی سروودی نیشتمانیدا خۆی دووبارە دەکاتەوە.

## سەردەمی عوسمانی و دەرکەوتنی سروودی کوردی

عوسمانییەکان گەرچی هێزێکی داگیرکەربوون، بەڵام کاریگەرییان لە سەر دروستبوونی هەندێک کەلتووری نوێی ئەو سەردەمە هەبووە، کە لە جیهاندا لە برەودابوون. بە تایبەت بە هۆی کردنەوەی قوتابخانە سەربازییەکان لە ناوچەکانی قەڵەمڕەویی عوسمانیدا، کە جگە لەوەی گرنگییان بە لایەنی سەربازی دەدا، لە ناواخندا سەرقاڵی دروستکردنی کەسایەتییەک بە تایبەتمەندی بیری عوسمانی بوون. بۆیە جگە لەوەی کە خوێندکارانی ئەم قوتابخانانە گۆش دەکران و لە ڕووی سەربازی بەکاری دەهێنان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جۆرێک بوو، لە وەبەرهێنان لە توانای مرۆیی مرۆڤی کورد و ئەو نەتەوانەی دی کە ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان بوون، بە جۆرێک هەوڵی دەدا کرانەوە و پێشکەوتنەکانی ئەو سەردەمەیان پێ بناسێنێت.

دەرئەنجام ئەو کەسانەی کە لێوەشاوە دەبوون، دوای خوێندن بەرەو (ئەرکانی سوپا) ئەستەنبوڵ بەڕێیدەکردن و بەرپرسیاریتیی سەربازی و حکوومی گرنگیی پێدەدان.

مێژووی دروستبوونی قوتابخانە سەربازییەکانی عوسمانی بەناوی ڕوشدیە، سەرەتا لە ساڵی ١٨٧٥ لە هەولێر و کەرکووک دەستی پێ کرد، پاشان لە ساڵی ١٨٩٢ لە سلێمانی ئەم قوتابخانەی دروستکرد، کە بە شێوەیەکی لە کۆتایی و دواڕۆژەکانی سەردەمی عوسمانیدایە.

بەپێی ئەو سەرچاوانەی بەردەستن، کەلتووری سروود و گۆرانی لە قوتابخانەکاندا و بەتایبەت لە باشووری کوردستان سەری هەڵداوە. بەڵگە بۆ ئەمە: هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لەوانە: (ڕەفیق چالاک، قادر دیلان، جەمال بابان، ڕەفیق حیلمی، شاکر فەتاح)، لەنێو یاداشت و بەشێک لە سەرگوزشتەی ژیانیاندا باس لەم قوتابخانانە و ئەو سروودانە دەکەن کە پاشماوەی زارەکیی ئەم سەردەمەن.

بۆ نموونە: قادر دیلان دەڵێت:



له تەمەنی گەنجێتیمدا بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم پێی وتم: [لەشکرە شڕەی عوسمانی هەندێک ئامێری مۆسیقیان لێ بەجێماوە، بڕۆ چیت دەوێ بیهێنە، تۆ حەز بە میوزیک دەکەیت، منیش ئامێرێکی کلارنێتم هەڵگرت]. هەروەها ڕەفیق چالاک باسی ئەو ساڵانە دەکات و دەنووسێت: [من لە ساڵانی ١٩٢٥دا باندی مۆسیقام لە شەقامەکان دەبینی کە بە شەقامەکانی سلێمانیدا تێپەڕ دەبوون]. کەواتە گەواهییەک هەیە، کە ئەم کەلتوورە بەشێکن لە کەلەپووری ئەم قوتابخانانە و ئەوان سەرچاوەیی یەکەم کراوەنەی ڕۆشنبیریی کورد بوون، لە هەمانکاتدا بەهۆی بوونی جوقی سەربازییەوە منداڵی کورد ئاشنای میوزیک و سروودی نیشتمانی بوون.

## دوای نەمانی عوسمانی و سەردەمی شێخ مەحموود

بەهەمان شێوە دوای نەمانی عوسمانییەکان و هاتنی ئینگلیز و دروستبوونی مەملەکەتی شێخ مەحموود، ئەم کەلتوورە درێژدەبێتەوە. ئینگلیزەکان کەمتر گرنگیان بە سروود دەدا زیاتر کاریان لەسەر دیدەوانی دەکرد. پاش گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان، یەکەمین سروودی تایبەت بە شێخ مەحموود لەلایەن (وەرزێر و پیرەمێرد) بە ناوی (سروودی ئیستقبال)، بە پۆلێ مامۆستا و قوتابیی ئەو سەردەمە پێشکەشکرا، هەندێک بە یەکەم سروودی کوردی لە مێژوودا دادەنێن، بەڵام بە بڕوای من ناتوانرێت بە ڕەهایی ئەمە بە یەکەم سروود دابنرێت، چونکە ئێمە هێشتا تەنها کۆمەڵێ سەرەداوی زانیاریمان دەربارەی ئەم سەردەمە لە بواری میوزیکدا بەردەستە. سەبارەت بە سروود لە قوتابخانەکانی سەردەمی شێخ مەحمووددا، شاکر فەتاح لە یاداشتەکانیدا لە باسی منداڵیی خۆیدا دەگێڕێتەوە:

[که به دامەزراندنی مەملەکەتی شێخ هەستیان بە ئازادی و سەربەرزیی زیاتر دەکرد، قوتابخانە کۆنەکانی سەردەمی ئینگلیز لە دوو قوتابخانەوە کران بە چوار قوتابخانە، ڕۆژانە ئێمە لە ژێر ئاڵای مەملەکەتی شێخ مەحموودا سروودی [1](بژی خونکار)مان دەگوت، شێخ مەحموود بەڵێنی پێداین کە ئامێری میوزیکیمان بۆ دابین بکات، تا ڕۆژانە بە میوزیکەوە سروودی بژی خونکار بڵێینەوە].

ئەم کەلتووری سروود خوێندنە لە قوتابخانەکانی باشووردا بە درێژایی ئەم مێژووە بەردەوام دەبێت.

جگە لەوە ئەگەر بڕوانینە لاپەڕەی چاپەمەنیی سەردەمی کۆماری کوردستان، وشەی سروودی نەتەوەیی دەبینین، لە هەمان کاتدا مارشی نەتەوەیی دەبینین. بەتایبەت لەو بەشەی هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا، کە لە بۆنەکاندا هەڵکردنی ئاڵا باسی ئەوە کراوە کە سروود یا مارشی نەتەوەیی پێشکەش کراوە، بەڵام تەنیا لە یەک ژمارەیاندا، ناوی سروودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) هاتووە. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت: کە جگە لە (ئەی ڕەقیب) سروودی دیکەشیان وەک سروودی نەتەوەیی هەبووە، بەڵام لەبەر نەنووسینەوەی نۆتە و تۆماری سروودەکان کەس نازانێت ئەم سروودانە چین و چۆن وتراون.

بە نموونە:

لە ژمارە ١٣ی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕەشەمێی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بڵاوبووەتەوە، هۆنراوەی (نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە)ی هەژار چاپ کراوە و لە سەریشی نووسراوە: سروودی میللی کوردستان.

---

[1] خونکار: واتە مەلیک، پاشا

## ئەی ڕەقیب کۆتا سروودی نیشتمانی

لێرەدا سەبارەت بە سروودی ئەی ڕەقیب، نامەوێت بە هەمان ئەو باسانەدا بچمەوە، کە پێشتر لەسەر دانەری ئاواز و نووسەری هۆنراوەکە نووسراون.

ئەوەی کە ساغبۆتەوە، ئەم ئاوازە لەلایەن شێخ حوسێن بەرزنجییەوە لە زینداندا دانراوە. هۆنراوەکە لەلایەن دڵداری شاعیرەوە لە تەمەنێکی کورتی لاویدا لە سالانی ١٩٣٨ – ١٩٤٠دا نوسراوە.

بەپێی گێڕانەوەکانی مەسعود محەممەد، موکەرەم تاڵەبانی، جەلیل گادانی، کردنی ئەم هۆنراوەیە لە کۆماری کوردستان وەک سروودی نیشتمانی (مارشی نەتەوەیی) دیاریکرا، بە دیاری کراوی مێژووەکەی لە کاتی هەڵکردنی ئالای کۆماری کوردستان و بۆ ساڵی ١٩٤٦ دەگەڕێتەوە. بەڵام هەندێک بۆچوونی جیاواز هەیە، کە ئەمە پێشتر سروودی حزبی هیوا بووبێت.

بەڵگە بۆ ئەمە مەسعود محەممەد لە (گەشتی ژیانم)دا دەنووسێت: (ڕۆژگاری چلەکان، بەتایبەتی لە دەمی جەنگدا، ئەوە نەبوو کوردایەتی بە دەنگ و سەدای تێدا بکرێت. نەورۆز بە ماتی لە ماڵی یەکێک لە ناسیاوان ئاهەنگێکی کورتیلەی بۆ دەگێڕدرا. (سروودی «ئەی ڕەقیب»ی دڵدار خۆم گوێم لێ بوو لەلایەن حوسێن بەرزنجییەوە بەو دەنگی ئاسمانیی خۆیەوە لە کۆمەڵگەی وەها بچووکدا شەپۆلی دەدایەوە). مێژووی ئەم باسە بۆ ساڵی ١٩٤٢ دەگەڕێتەوە، کە بە دڵنیایی پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستانە، کەواتە سروودەکە پێشینەکی هەیە و تا ڕادەیەک پێشتر لەسەر زاری خەڵک بڵاوبووە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخستن و شانەکانی کایەی سیاسی ئەوسەردەمەدا بوون.



ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت، ئەم سرووودە زادەی ڕۆژگارێکە، کە کورد لەنێو بەرداشی میللەتانی دیکەدا، لەیەک کاتدا هەوڵیدەدا لەناو نەچێت و بمێنێتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەیوست، وەکو میللەتانی دیکە بە خەونی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی بگات، وەلێ هێشتا ئەم خەونە نەهاتۆتە دی و خەباتەکەی بەردەوامی هەیە.

## سروودی ئەی ڕەقیب کۆدەنگیی نیشتمانیی هەیە

ئەوەی لێرەدا جێی هەڵوەستەیە بۆچی ئەم سرووده کۆدەنگیی نیشتمانی لە هەر چوارپارچەی کوردستان لەسەرە؟ بە بڕوای من چەند هۆکارێک هەن، کە پێویستە بە وردی شیکاری و گفتوگۆیان بکەین.

یەکەم: کات: کاتی دروستبوونی ئەم سرووده لەنێو مێژوویەکی پڕ ململانێی نەتەوەکانە، ئەو ململانێیانەش بە ڕەهایی کاریگەریی لەسەر دروستبوونی هەستی نەتەوایەتی لای تاکەکانی هەر میللەتێک هەیە. بەتایبەت ئەو میللەتانەی ژێردەستە و لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییدان.

دووەم: جوگرافیای دروستبوونی تێکست و ئاوازی ئەم سرووده:

سروودی ئەی ڕەقیب وابەستەیە بە مێژووی هاوبەشی دوو پارچەی کوردستان کە (باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە)، لە هەمانکاتدا سێ ناوچە، کە پەیوەندییەکی کەلتووری و ڕۆشنبیریی هاوبەشیان لەنێوانیاندا هەیە، کە لە ڕاستیدا ئەم جوگرافیایە کاریگەریی لە سەر بەهێزی و مانەوەی سروودەکە لە یادەوەریی خەڵکیدا هەیە، هەر بۆیە وەک تاکە سروودێ کۆدەنگیی لەسەرەو لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا لە ساتی گوێ لێ بوونیدا هەمان هەستی سەدان ساڵەی نەتەوەیی هەر تاکێکی کورد دەبزوێنی. تێکستی هۆنراوەکە، هەستی شاعیرێکە لە (کۆیە)، بەڵام بەپێی گێڕانەوەکان (دڵدار)، ئەم تێکستەی لە (کەرکووک) نووسیوە، بە دیاریکراوی لەوکاتەی کە بۆ خوێندنی ئامادەیی لە کەرکووک ژیاوە، چونکە لەو سەردەمەدا دوای خوێندنی ناوەندیی بەهۆی نەبوونی قۆناغی ئامادەیی بەشێک لەو کەسانەی دەیانویست درێژە بەخوێندن بدەن ڕوویان لە کەرکووک کردووە، هەر بۆیە لەو سەردەمەدا کەرکووک

ناوەندێکی گرنگی مەعریفیی ئەو گەنجانە بوو کە لە بواری سیاسی و ڕۆشنبیری کاریان دەکرد.

بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لەگەڵ یەکتریدا و بوونی هاوڕێیەتیی نێوان دڵدار و حوسێن بەرزنجی، لەهەمان کاتدا نزیکیی بیری سیاسییان لە هەر دوو حزبی هیوا و شیوعیدا ئەم سرووده دەبێتە بەرهەمێکی مێژووی هاوبەشیان، تەنانەت لە دەستنووسێکی دڵداردا بە خەتی خۆی نووسیویەتی: (شێخ حوسێن بەرزنجی ئاوازی بۆ ئەی ڕەقیب داناوە).

لە هەمانکاتدا شێخ حوسێن خۆی پەروەردەی تەکییە و خانەقاکانی قادرکەرەم بووە، بەهرەی دەنگخۆشیی تێدا بووە، تاڕادەیەکی باش شارەزایی لە مقام و ئەو شێوازە گوتنانە هەبووە کە لەنێو تەکییە و خانەقاکانی ئەو ڕۆژگارەدا وتراون، ئەمانە لە ئەندێشەی منداڵیدا مابوونەتەوە و دواجار دەبێتە هەوێنی ئەم سرووده.

بە هۆکاری ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەو کاتەی باشووری کوردستان، پاڵپشتیی کۆماری کوردستان بوون، ئەم تێکستە بە شێوەی زارەکی دەگاتە مەهاباد، دواجار وەک باشترین هۆنراوە و سروود بۆ ڕاگەیاندنی کۆمارەکە دیاری دەکەن و لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵاکەدا خوێندراوە. دروستبوونی کۆمارێک بۆ کوردی ڕۆژهەڵات لەو ڕۆژگارەدا ڕووداوێکی مێژوویی لەبیر نەکراوە، گەرچی زۆری نەخایاند، بەڵام گەلی کورد ئەو ڕۆژگارە زێرینە و بە دیهاتنی خەونەکەی لە بیرناکات.

دوا بەدوای نەمانی کۆمارەکە ئەم سرووده و ئاڵاکەی بوون بە میراتێکی نەتەوەیی و یادگارییەکی مێژوویی، بۆیە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی

کورد هەر هەموو سەرکردە و رابەری پارتێکی سیاسی خۆیان بە بەشێک لەو میراتە دەزانن، بۆیە بە هەموو جیاوازییەکانەوە ڕێزیان لەم سروودە ناوە.
هەر بۆیە دوای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان دووبارە ئەم یادگارە مێژووییە وەک مارشی نەتەوەیی بەفەرمیی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ناسێندرا و دەستپێکی بۆنە نیشتمانی و گرنگەکاندا دەبوو بژەنرێت یان بگوترێت. ئەمە زیاتر بووە هۆی دووبارە بەهێزبوونەوەی سروودەکە و جارێکی دیکە بووە سمبولێکی نەتەوەیی. تەنانەت بە رادەیەک ڕێز لەم سروودە گیراوە، لە ساتی شەڕی ناوخۆیی باشووری کوردستاندا، کە دێگەڵە سنووری دابەشکاری هەموو کایەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو، بەڵام هیچ لایەنێکیان نەیانتوانی  ئەم سروودە بکەن بە دووبەشەوە و بە تەنها میراتی خۆیان بزانن، بۆیە بە بەردەوامی لە بۆنە نیشتمانییەکان و فەرمییەکاندا دەست لەسەر سنگ دەوترایەوە.

## ئەی ڕەقیب لەلایەنی میوزیکییەوە

لە ڕووی بەهای میوزیکییەوە، سرووودەکە لە دوو ڕستەی سادەی میلۆدی پێکدێت. چونکە لەو سەردەمەدا ئاستی میوزیکی لە ئاستێکی باڵادا نەبوو، لە ڕاستیدا (دانەری ئاوازەکە، بە شێوەیەکی (خۆڕسک) تەنها دەنگی خۆشبووە، نەک میوزیکدارێک بووبێت کە بە شێوەیەکی زانستی میوزیکەکەی دروستکردبێت، تەنها لە هەستێکی قووڵی کوردایەتیی خۆیەوە ئەم تێکستەی بە شێوەی سروود خوێندووە. لە ڕووی ڕیتمەوە زیاتر بە ڕیتمی ٢\٤ یان ٤\٤ وتراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا زیاتر بۆ بەهێزکردنی لایەنی مارشی سرووودەکە و حەماسی بوونی لەلایەن هەندێک میوزسیانەوە بە ریتمی ٨\٦ و بە دابەشکردنی نوێ و بوونی هارمۆنییەکی گونجاو نۆتەکەی دەنووسراو و دواتر دەژەندرا.

لە ڕووی پەیژەی میوزیکییەوە لەسەر (پەیژەی گەورەیە - مێجەرە) بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکەی لەسەر (مەقامی عەجەم)ە. بواری دەنگی میلۆدییەکە ئەگەر لە پلە دەنگی (ڕێ) بنوسرێت، بەرزترین پلە دەنگی کە پێی دەگات دەنگی (سی)یە. بە گشتی لە شەش دەنگ تێپەڕناکات.

هەندێک بۆچوون هەن، کە سەرەتا لەسەر (مقامی ڕاست) گوترابێت. دەشێت ئەم بۆچوونە تارادەیەک ڕاست بێت. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی تۆمارکراوی دەنگی یان نۆتەی ئەم سرووودە بەردەست نییە، تەنها نۆتەیەکی دەستنووسی جەمیل بەشیر هەیە، کە لەسەر داوای شەماڵ سائیب لە ئێزگەی بەغداد لەسەر قەوانێک تۆمارکراوە، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە. لەوێشدا هەر بە هەمان شێوەی ئێستا بە ریتمی ٤\٢ و ٤\٤ نوسراوەتەوە. بەگشتی ئەم لایەنە هیچ لە بەهای سرووودەکە نە کەم نە زیاد دەکات. بەڵام سرووودەکە ئەوەی هەیە و بیستراوە میلۆدییەکی سادەیە، بە دەنگ و بە شێوەی مۆنۆفۆنی

**ئەی رەقیب لەلایەنی میوزیکییەوە**

لە رووی بەهای میوزیکییەوە، سرووودەکە لە دوو ڕستەی سادەی میلۆدی پێکدێت. چونکە لەو سەردەمەدا ئاستی میوزیکی لە ئاستێکی باڵادا نەبوو، لە ڕاستیدا (دانەری ئاوازەکە، بە شێوەیەکی (خۆڕسک) تەنها دەنگی خۆشبووە، نەک میوزیکدارێک بوو‌بێت کە بە شێوەیەکی زانستی میوزیکەکەی دروستکردبێت، تەنها لە هەستێکی قووڵی کوردایەتیی خۆیەوە ئەم تێکستەی بە شێوەی سروود خوێندووە. لە رووی ڕیتمەوە زیاتر بە ڕیتمی ٢\٤ یان ٤\٤ وتراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر بۆ بەهێزکردنی لایەنی مارشی سرووودەکە و حەماسی بوونی لەلایەن هەندێک میوزسیانەوە بە ڕیتمی ٨\٦ و بە دابەشکردنی نوێ و بوونی هارمۆنییەکی گونجاو نۆتەکەی دەنووسراو و دواتر دەژەندرا.

لە رووی پەیژەی میوزیکییەوە لەسەر (پەیژەی گەورەیە - مێجەرە) بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکەی لەسەر (مەقامی عەجەم)ە. بواری دەنگی میلۆدییەکە ئەگەر لە پلە دەنگی (ڕێ) بنوسرێت، بەرزترین پلە دەنگی کە پێی دەگات دەنگی (سی)یە. بە گشتی لە شەش دەنگ تێپەڕناکات.

هەندێک بۆچوون هەن، کە سەرەتا لەسەر (مقامی ڕاست) گوترابێت. دەشێت ئەم بۆچوونە تارادەیەک ڕاست بێت. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی تۆمارکراوی دەنگی یان نۆتەی ئەم سرووودە بەردەست نییە، تەنها نۆتەیەکی دەستنووسی جەمیل بەشیر هەیە، کە لەسەر داوای شەماڵ سائیب لە ئێزگەی بەغداد لەسەر قەوانێک تۆمارکراوە، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە. لەوێشدا هەر بە هەمان شێوەی ئێستا بە ڕیتمی ٤\٢ و ٤\٤ نوسراوەتەوە. بەگشتی ئەم لایەنە هیچ لە بەهای سرووودەکە نە کەم نە زیاد دەکات. بەڵام سرووودەکە ئەوەی هەیە و بیستراوە میلۆدییەکی سادەیە، بە دەنگ و بە شێوەی مۆنۆفۆنی



لەسەرەتادا وتراوە، لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕێی دابەشکردن، دانانی

لەسەرەتادا وتراوە، لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕێی دابەشکردن، دانانی هارمۆنی، کاری ئۆرکسترایی بەشێوەی باشتر بۆ ئەنجامدراوە، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لە ڕەچەڵەک و پێکهاتەی ئاوازەکە بکەن.

## چیرۆکی لە سێدارەدانی ئاوازدانەری سروودی ئەی ڕەقیب

ڕۆژی ١٩٥٩/٧/١٤، لە کەرکووک لە خۆپیشاندانێکدا، یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی چواردەی تەمموز کرایەوە، لەنێو ئەم خۆپیشاندانە ئاژاوە و هەرایەک هەڵگیرسا بە کوژراو و بریندار‌بوونی چەندین کەس کۆتایی هات. شەڕ و پێکدادانەکە لەنێوان تورکمانەکان و شیوعییەکاندا ڕوویدا، بە شێوەیەکی گشتیی شیوعییەکان زۆربەیان کوردبوون. هەر بۆیە دوای هێوەربوونەوەی دۆخەکە، ئەم شەڕە بۆ شەڕێکی نەتەوەیی نێوان کورد و تورکمانی کەرکووک گۆڕدرا. دەرئەنجامی ئەم ڕووداوە، تاوانەکەی درایە پاڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی ناودار و شیوعییەکان، کە لە نێویاندا شێخ حوسێن بەرزنجی و شێخ مارفی برای تێدابوو. گەرچی خۆیان بە بێتاوان دەزانی، بەڵام دواجار دادگا (١٩٦٢/٦/١٤) بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندن، بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا. بەم جۆرە شێخ مارف و هاوڕێکانی لە زینداندا مانەوە، تا دواجار لە کودەتاکەی حیزبی بەعسدا، لە شەوی (١٩٦٣/٦/٢٢) سەرجەم ئەو کەسانەی ئەو تاوانەیان درابووە پاڵ، لە بەغداوە دەبرێنە کەرکووک لە لەسێدارەدران. بەپێی گێڕانەوەی گەواهیدەرانی ئەو سەردەمە شێخ حوسێن و ئەو کەسانەی لەگەڵیدا بوون سەرجەمیان بێتاوان بوون، بەڵام حکوومەتی ئەوکاتە وەک پلانێک بۆ دروستکردنی گیانی تۆڵەسەندنەوە و دروستکردنی ڕق و کینە لە نێوان

کورد و تورکمانی کەرکووکدا، ئەم بڕیارە نادروستەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە.
سەبارەت بەم باسە عەزیز محەممەد وەک یەکێک لە سکرتێرە دیارەکانی حزبی شیوعیی عێراق و شاهید حاڵی ئەو ڕۆژگارە دەڵێ: ((ئەوان قوربانیی نەفامیی (عەبدولکەریم قاسم) و دڕندایەتی بەعسییەکان بوون، شەهیدان هیچ خەتایەکیان نەبوو، ئەوان دەیانتوانی هەڵبێن و ڕزگاریان بێت، بەڵام ئێمە وەکو حزب، ڕامان لەگەڵ هەڵهاتنیان نەبوو)). دەرئەنجامی ئەم ڕووداوە شێخ حوسێن و هاوڕێکانی بە تاوانی خیانەتی نیشتمانی لە سێدارە دران.

## گرفتە ئایدۆلۆجییەکانی سروودی ئەی رەقیب

گەرچی بەشێوەیەکی فەرمی و نافەرمی ئەم سروودە وەک سروودی نیشتمانی ناسێندراوە، بەڵام هەر لەگەڵ بەهێزبوونی تەیارە ئیسلامی و حیزبە ئیسلامییەکان، ئەم سروودە بووە باسێکی گەرم و لەنێو پەرلەماندا دژایەتی دەکراو داوا دەکرا ئەم سروودە بگۆڕدرێت.
 بە بیانووی وشەی (رەقیب) کە ناوێکە لە ناوەکانی خودا و لە بەیتێکیدا دەڵێت: (دینمانە ئاینمان هەر کوردستان) ئەمانە جۆرێکن لە دژایەتیی ئایینی ئیسلام. هەر بۆیە ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە پارتە ئیسلامییەکان، لەبەر سروودەکە هەڵنەدەستانە سەرپێ. کە ئەمەش نارەزایەتیی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان و ئەو پارتانەی کە خۆیان بە ناسیۆنالستی و نیشتمانی دەزانن بە جۆرێک لە سووکایەتی بە خوێنی شەهیدان و قوربانییەکانی گەلی کورد و بێڕێزی بە دامەزراوە نیشتمانییەکان دەزانی، دەرئەنجام ئەم گرفتە لە ساڵی ٢٠١٤دا گەیشتە بنبەست.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (د. یوسف محەممەد سادق)، لە لێدوانێکی ئەو سەروەختەدا دەڵێت:

(سروودی ئەی رەقیب بووەتە درووشمی یەکپارچەیی خاکی کوردستان، کورد لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان لەسەر چەندین شت جیاوازیمان هەیە، بەڵام لەسەر سرووودی نەتەوەیی (ئەی رەقیب) هەمووومان تەباین و پیمانوایە سروودێکی گرینگە بۆ نەتەوەکەمان، لەبەر ئەوە ئەو سروودە بۆ ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هێڵی سوورە و سازشی لەسەر ناکەین.( هەر بۆیە دواجار پەرلەمان لە رێگای پرۆژە یاسایەکەوە بە فەرمیی داوای سزای ٥٠٠ هەزار دیناری بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێک دیاری کرد، ئەگەر لەکاتی دەستپێکی دانیشتنەکانی پەرلەماندا هەڵنەسێتە سەرپێ. دەقی پرۆژە یاساکە دەڵێت: سەرپێچیکاری حوکمەکانی (ماددەی دووەم)ی سەرەوە بە گوژمەی (٥٠٠.٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی سزا دەدرێت و بێ بەش دەکرێت لە بۆنە و دانیشتنەکە. هەروەها سەرجەم هۆیەکانی راگەیاندن لە هەرێم (بینراو و بیستراو) لەسەریانە لەکاتی دەست پێ کردن و کۆتایی بەرنامەکانیاندا پابەندی پەخشکردنی سرووودەکە بن.

**دەقی پرۆژە یاسایەکە:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەناوی گەل

پەرلەمانی کوردستان- عێراق

پشتبەستن بە حومکەکانی بڕگەی (١)ی مادده (٥٦)و ئەو دەسەڵاتەی بەپێی مادده (٥٣)ی یاسای ژمارە (٢)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)دا، پێماندراوەو، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان- عێراق لەدانیشتنی ژمارە ( ) ی خۆی لەرۆژی ( / / ٢٠١٤) دا بڕیاریدا ئەم یاسایەی دا:

یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی ٢٠١٤

ماددەی یەکەم:
سرودی (ئەی رەقیب) کە دەقی شیعرەکەی لەلایەن (یونس رەئووف دڵدار)ی شاعیر دانراوەو، ئاوازەکەشی کە لەلایەن (شێخ حوسێن بەرزنجی)یەوە دانراوە، کە بە(نۆتەی میوزیکی)یەوە هاوپێچە بەم یاسایە، دەبێتە سروودی نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان- عێراق و، پێشەکیە میوزیکی و میلۆدیەکەی دەکرێتە سەلامی هەرێمایەتی و بەو شێوازە میوزیکیەی کە بۆی دیاریکراوە جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی دووەم:
ئەم سرووده بە سرووودی فەرمیی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و گشت بۆنە فەرمی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان بەم سرووده دەست پێ دەکەن. بەو مەرجەی ماوەی ژەنینەکەی لە (٥٠)پەنجا چرکە تێنەپەڕێت.

ماددەی سێیەم:
سەرپێچیکاری حوکمەکانی (ماددەی دووەم)ی سەرەوە بە گوژمەی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی سزا دەدرێت و بێ بەش دەکرێت لە بۆنە و دانیشتنەکە. وسەرجەم هۆیەکانی راگەیاندن لە هەرێم (بینراو بیستراو) لەسەریانە لەکاتی دەست پێ کردن و کۆتایی بەرنامەکانیاندا پابەندی پەخشکردنی سرووودەکە بن.

ماددەی چوارەم:
رێزگرتنی سرووود و سەلامەتیی هەرێمایەتیی کوردستان یاساییە و هەموو کەسێ لە شوێنە فەرمی و جەماوەرییەکاندا کە گوێبیستی دەبن لەسەریانە بەرێزگرتنەوە بۆی بوەستن.

ماددەی پێنجەم:
ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە بە مەبەستی ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و دیاریکردنی کارپێکردنی بەفەرمی و سزادانی سەرپێچیکارانیەوە، پێڕەوی تایبەت دەربچوێنێت.

ماددەی شەشەم:
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) دا کاری پێدەکرێت.

ماددەی حەوتەم:
وەزیرە تایبەتمەندەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.
هۆکارە پێویستییەکانی ئەم یاسایە بەو پێیەی سرووودی نیشتمانییە گشت گەلان و نەتەوەکان هێمای نیشتمانی و نەتەوایەتیانە، لەبەر ئەوە کە هۆنراوەی (ئەی رەقیب) بۆتە بەشێک لە ویژدانی کوردستانی و سیمبولی

خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و وشە و بڕگەکانیشی گوزارشت لە هیوا و ئاواتەکانی گەلی کوردستان لە گشت پارچەکانی و لە دەرەوەی کوردستان دەکەن، لەبەر ئەوەیش کە ئەم چامەیە یەکەمین سیمبول و سروودی فەرمیی کۆماری کوردستان بووە لە مەهاباد، هەروەها گوزارشتە ئەدەبیەکە و وێنەی شیعرەکانی و نێوەڕۆکەکەشی خواست و ئارەزووە بنیادنەرەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەخەنەڕوو، سروودەکە تا ئێستەیش هەر کاریگەرە و بەزیندوویی ماوەتەوە. ئەم یاسایەمان دەرچواند. بەڵام بەهۆی ڕووداو پێشهاتە سیاسییەکانی ئەم قۆناغە ئەم بابەتە بێدەنگی لێ وکرا.

جگە لەم لایەنە لەم ساڵانەی دواییدا لە پارچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان بەتایبەت لەلایەن پارتە سیاسییەکانی نزیک پارتی کرێکارانی کوردستان، بە هۆی جیاوازییە ئایدۆلۆجیاکانەوە وەک جۆرێک لە نیشاندانی جیاوازی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی کوردستان، سروودەکە وەکو ساڵانی رابردوو جێی بایەخ نییە، لە ئێستا وەک مارشێکی نەتەوەیی خۆیان لێناڕوانن. بەڵکوو، وەکوو سرودێکی ئاسایی وێنای بۆ دەکەن، کە وابەستەی دەورانێکی مێژووییە و جێی بایەخی ئەوان نییە.

## گرنگیی سروودەکە لە ڕووی نیشتمانییەوە

بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک چەند بابەتێک هەن، کە وەک سەروەتی نیشتمانی، ئاسایشی، سیمبولی نەتەوەیی، لێی دەڕوانن، سروودی ئەی ڕەقیب کە زیاتر لە ٧٦ ساڵە ڕەگی بەنێو قوڵایی مێژووی کوردا، هەر لە سەرکەوتن تا نشووستییەکانیدا داکوتیووە. سەرەڕای جیاوازیی ئایدۆلۆجییەکان، بەڵام ئەو کەسانەی کە خۆیان بە کورد دەزانن و لەنێو چوارچێوەی ئایدۆلۆجیی بەرتەسکدا بیرناکەنەوە، لە هەر پارچەیەکی جیهاندا بن لەگەڵ گوێلێبوونی ئەم سروودەدا دەست لەهەموو بیروبڕواکانی هەڵدەگرێت و لەبەری هەڵدەستێت، وەک جۆرێک لە ئەرکی نیشتمانی و هەستێکی نیشتمانی بەرامبەر ئەو هەموو قوربانییەی کە لەوپێناو، کوردبووندا نراوە.

ئەمە خاڵی بەهێزی ئەم سروودەیە، چونکە هەڵقووڵاوی خەباتێکی دوور و درێژی نەتەوەییە. بۆیە گۆڕین و دەستکاریی سروودەکە هەتا کورد لە قۆناغی ڕزگاریدا بێت بەهەموو شێوەیەک دەستبردنە بۆ هەستی نیشتمانیی ملیۆنان کەس کە باوەڕی بە پاراستنی بەها نیشتمانییەکانی هەیە.

### دەرئەنجام:

ئەم سرووده میراتێکی نەتەوەیی کوردە، یادگاریی کۆمارێکە کە بەپلانێکی نێودەوڵەتی لە یەکەم ساڵی ڕاگەیاندیدا بە گیانبەخشی و هەزاران ڕزگاریخواز و لەسێدارەدانی (سەرۆک کۆمارەکەی) کۆتایی پێ هێنرا. بۆیە پێویستە هەر وەک یادگارییەکی مێژوویی بەهەموو جیاوازی و بۆچوونە ئایدۆلۆجیەکانەوە وەک سیمبول و سروودی نیشتمانی

بمێنێتەوە. تا ئەوکاتەی خەباتی کورد لە قۆناغی ڕزگاریدا بێت و ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆ نەبێت، دەستبردن بۆی بە هەڵەیەکی کوشندەی مێژوویی نیشتمانیی دادەنرێت.
تەنها لەو قۆناغەدا نەبێت، کە کوردستان وەک وڵاتێکی سەربەخۆ و لە چوار چێوەی قەوارەیەکی سەربەخۆدا دانی پێ دەنرێت و پارێزراو دەبێت، لەم کاتەدا دەکرێت پێداچوونەوە بە سرووودەکەدا بکرێت یان سرودێک کە باس لە مێژوو، ئێستا و ئاینده بکات ببێتە جێگراوەی ئەم سرووودە.

## پێشنیاز:

بەو پێوەر و شیکاریانەی کە لەم باسەدا خرانەڕوو، سرووودەکە ماوەی زیاتر لە ٧٦ ساڵە بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆتە سیمبولێکی نیشتمان و میراتێکی نیشتمانی. کەواتە ناکرێت خاوەنی ئەم سرووودە، کە کەسێکی ئازادیخواز، نیشتمانپەروەر، پێشەنگی هەستی نیشتمانیی کوردپەروەری بێت، لە ڕووداوێکی سیاسی و قۆناغێکی مێژووی سیاسیدا، بەهۆکارێک، پلانێک و بێتاوان لەلایەن نەیارانی کوردەوە خرابێتە نێو زیندان و فەرمانی سێدارەدانی بۆ دەرچووبێت، دواجار بە خیانەتی نیشتمانی لەسێدارە درابێت.
دوای دەیان ساڵ و هێز و پێگەی کورد لە عێراقی (بەناو هیواو ئاشتیدا) نەتوانرابێت، کار بۆ ئەستۆپاکی خاوەنی سرووودێک لە بۆتە سیمبولێکی نەتەوەیی بکرێت.
بۆیە پێشنیاز دەکەم، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی خۆی بکاتە خاوەنی ئەو دۆسیەیە پاش بردنەوەی دۆسیەکە، لە بۆنەیەکی

نیشتماندا ئەستۆپاکیی (شێخ حوسێن بەرزنجی) ڕابگەیەنرێت، (شێخ حوسێن بەرزنجی) وەک سیمبولێکی نەتەوەیی بناسێنێت.